# جەلال

**شێرکۆ بێکەس**



**جەلال واتە**
پێکەنینی نەرمی شەماڵێك ئەو وەختەی
پەپوولەیەك تێیدا بفڕێو
لە دواییشدا
لەسەر گەڵای دەمو لێوێو
لە شەونمی بەر زەردەدا
ئارام بگرێ!.

**جەلال**
ڕەنگێکی کاڵو سادە وەك
کلووی بەفرێ
کاتێك بێدەنگ ئەبارێتو
بێدەنگ دێتو
کەچی دنیایەك ئەگۆڕێ!

**جەلال**
پەنجەرەیەك بۆ خەمی سەوز
وەختێ کە پێڵوی وشەیەك
لە ناو پاییزی شیعرێکدا
ئەبێ بە گەڵاو ئەوەرێ!.

**جەلال**
قەڵەمێك بۆ
نووسینی ئاوی بێ هاژە
بۆ وێنەکێشانی (با)یەك
گڤەی نەبێ!
پیاسەی بولبولو چۆلەکە
ئاسمانێك بۆ
هەوری بێ ناڵەو بێ گرمە!.

**جەلال**
(نوێ) لە ڕۆحیا هەموو ڕۆژێ
چرۆیەکی تازەی ئەکرد
هەژاران چاویلکەی چاوی
وشەی ئەوبوون.

**جەلال**
ڕەوشتێ لە گوڵە نەسرین
بارانێك لە خۆشەویستی
باخچەیەك لە نەغمەی ڕەنگین!.

***

ئەو وەختەی ئەو
عاشقی شیعری تازەبوو
لە ناو دیوەخانی کۆن و
لە ناو گەڕەکی عروزدا
شیعری تازەیان ڕاوئەنا!.

***

ئەو بەیانییەی تفەنگێ
لە شوێنێکدا مەلێکی کوشت
ئەو بەیانییەی لە جێیەك
پەیڤێکیان دا لە سێدارە.
ئەو بەیانییەی لەوپەڕی
ئەم جیهانە ڕەشپۆشەدا
بارانێکیان تیرۆر کردو
گۆرانییەکیان سەربڕی..
هەر ئەو کاتەیش
ئەم مانگەمان
چاوی لێکنا!.



**سلەیمانی ١/٤/٢٠٠٨**